شوان ئادەم ئەیڤەس



# رۆژنامەوانان ... توێژە خۆشباوەڕەکەی کۆمەڵگا

● ئەوەی ئەمڕۆ لەواقیعی رۆژنامەوانیی کوردییدا بەدەرکەوتووە ئەو فەوزا ئیعلامییە کە لەدەرەنجامی پڕنەکردنەوەی پێویستییە هەنوکەییەکانی وەرگران(متلقی)ی، ئەم هەرێمەی باشوری کوردستانەوە سەریهەڵداوە، کە وایکردووە هەموو ئەوانەی لەسیاسەتو ئەدەبو دینو باقی کایەکانی دیکەدا شکستخواردوو دەبن یاخود ترۆ دەکرێن، سوكو باریك خۆیان بهاونە کایەی رۆژنامەوانییەوەو حیلمی گەورەشیان بەکارهێنانی رۆژنامەوانیی بێ تا بیکەنە بەردەبازێكو لەوێوەو بەتاقیکردنەوەی هەندێ میکانیزمی نارۆژنامەوانیی، سەرلەنوێ جێپێیەکی خۆیان لەبوارە شکستخواردووەکەدا دابنێنەوەو نەبنە سفری دوای فاریزە.

دنیای رۆژنامەوانیی کوردیی دوچاری گاڵتەجارییەکی ئەوتۆ بوەتەوە کە دیوەخانێکی وەك "سەندیکای رۆژنامەنوسان" نزیك بە ٤٠٠٠هەزار ئەندامی هەیەو بەساڵێك ١٤راپۆتی ناوازە لە٤٠٠ئەندامیشیەوە دەرناچێت، گۆمی مەنگی ئەم کۆمەڵگایە بشڵەقێنێ؟!

لەوەش گاڵتەجارتر تائێستاش بۆ بیستنی هەواڵی گەرماوگەرمی ناوچەکە هەر دەبێ هانا بۆ عەرەبییەو جەزیرە ببەینو دوای ئەوان خۆمان بکەوینە هاشوهوش، ئەمە لەکاتێکیشدایە کە هەر شەش مانگ جارێك گوێمان بەناوی کەناڵێکی فەزایی دەزرنگێتەوە کە جگەلە بەفەزاییکردنی پەخشەکەی نە فەراغێك پڕدەکاتەوە نەتایبەتمەندییەکی خۆیشی دیارییدەکات، نەئەوەشە لانیکەم بینەرانی عەرەبییەو جەزیرە یاخود بیسەرانی سەواو بیبیسی کەمکاتەوەو بکەوێتە کێبڕکێ لەگەڵیان.

بەدەیان شاند رەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێنو خولی جۆربەجۆر دەبینن‌و دێنەوە، بێئەوەی میکانیزمی رۆژنامەوانییان گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردابێت. گەر جاربەجارێکیش گۆڕانێك بکرێ، ئەوەندەی لەدەوری شکڵیاتدا دەخولێتەوە نیوهێندە کارناکانە سەر جەوهەر، تەنانەت زۆرجار هەر گۆڕینی قاتو بۆینباخە بەقاتو بۆینباخێکی دیکە، ئەمە جگەلەو جەهلە گەورەیەی بەرامبەر پەیامو ئامانجی رۆژنامەوانیی هەیە، کە لای هەندێ کەسو لایەنی ئێرە کورتبوەتەوە بۆ سنوردارکردنی ئازادیی دەربڕینو رۆژنامەوانیی، بەو پاساوگەلە تەقلیدییەی کە باس لەئەمنی قەومییو ئەخلاقییو ئابوریی دەکرێت، بەبێئەوەی بزانرێت مەبەست لێیان چییەو لاستیکییەتی ئەم وشانە چ زیانێکی گەورەی داوە لەگەورەو بچووکمان، تەنانەت بەبێئەوەی پێناسێکی نوێشمان بدرێتێ لەسەریان.

دەڵێن، لەیەکەم لێکچەری کۆلیژە رۆژنامەوانییەکانی ئەمریکادا، ئوستادەکان بەخوێندکارەکانیان دەڵێن: لەساتەوەختی کارکردنی رۆژنامەوانییدا، گەر دایکتان پێیوتن خۆشمدەوێی لێی بەگومان بن، بەڵام لەم هەرێمە خۆشباوەڕەی ئێمەدا بەشی زۆری ئەوانەی لەسەر رۆژنامەوانیی کوردیی حسابن، بەچاوی حەقیقەتەوە لەهەموو جوڵەو دیاردەو دەرکەوتەیەك دەڕوانن، وڵات لایان شامی شەریفەو چ عەیبێکی نییە، چوون لێرە هەریەکەو مەراییکێشی لایەکە، کوڕ ئەو کوڕەیە "لا"ی خۆی بدۆزێتەوەو لەژێر ئیعازەکانیدا دەرنەچێت، موبالەغە نابێت گەربڵێم: خۆشباوەڕترین توێژی ئەم کۆمەڵگایەی ئێمە "رۆژنامەوانان"ن، کە هەموو واتەواتێکیان لەلا دەچەسپێو لەبری ئەوەی بەدوای خاڵیکردنەوەی تەلیسمەکانیدا بچن، دەکەونە هۆنینەوەی پاساوو دۆزینەوەی شەرعییەت بۆی، جا گەر رۆژنامەوانان حاڵیان وابێ، ئەبێ ئەو خەڵکە رەشۆکە گوناهی چی بێ کیسەڵێکی پلاستیکی نێو درامایەکی تەلەڤزیۆنیی، لێ دەبێتە موعجیزەو پێیوایە، یەکێتی ئاودیوی ئێرانی دەکات؟!